KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
7-9-2007 0:17 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**لە خەوما ... ئاشتی گۆران**

لەسەر پشتی هەورێک دانیشتم
شار بەشار بردمی
تا لەسەر شارەکەی ئێوە هەور وەستا
هەور بووە بارانو
من بوومە تنۆکێک ئاو
هەور باری بەسەر شارا
منیش باریم بەسەر ماڵەکەتانا
ئەی نابینی دڵۆپ دڵۆپ
داری حەوشەکەتان ماچ ئەکەم
لە خەوما من ڕەشەبایەک بووم
دەم لووران بە کۆڵانەکانی ناو شارا
دەم ویست بەرگی
هەموو شار داماڵمو
گوڵی هەموو باخچەکانی ناو شار هەڵکەنم
ئەی نابینی لە کۆڵانی ئێوە
حەوشەو بەر دەرگای ماڵەکەتان
هەمووی پڕ لە گوڵە

goran@galnet. dk
لە دانمارک

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.